## بومەلەرزە و پێکەنین! *... ئاسۆعەبدوللەتیف

تەنانەت بەزمی بومەلەرزە درۆکەی کەلارو سلێمانیش نەیتوانی ئەوان لە پێکەنین بخات و لە ناو سەیارەکانیاندا بەو شەوە سارده هەر لە بەزمدا بوون، ئەو بومەلەرزە سیاسیەی کە هەر گەندەڵی دروستی کردوو پاریسیش تێوەگلاندو وایانزانی ئیدی خەڵك گەندەڵی بیر ئەچێتەوە،

ئێوە گریانیشتان بیر چۆتەوەوئیدی پێکەنینیش شەرمتان لێ ئەکات، ئای کە گوناحن ئەو کاتانەی بەر جەڵدەی دەماغ و سەکتەی دڵ و لەرزینی ماسولکەو سپیبوونی تاڵەکانی قژوو تارمایی مەرگ ئەکەون و لەدواتانەوە ئەو هەموو نازو نیعمەتە هەڵچنراوو دەفتەرە دۆلارانەی هەژاران و سەرمایەی وولاتی من بەجێ ئەمێنن ونەئەتوانن تامی بکەن و نەئەتوانن تێر تێریش بگرین، یان ئەگەر ئەو بومەلەرزەیە راست بوایە توخوا چیتان ئەکرد جگە لە سەرکردن بە قلێشی عەرزە زۆرەکانتان کە شارەوانیش حسابی نازانێ؟

ئەوکە پێئەکەنێت ئەوانەی چواردەوریشی ئەگەر باوکیشیان مردبێت بە خاتری کاکم تریقە تریقیان دێ، من هەندێ لە پێکەنینە بێتامەکان و قاقا ساردو سڕەکانی دەوروبەری بە هیچ نازانم جگە لە دزینی سیفەتێك لە قەومی عەلەشیش، کە بەفیکەیەك هەمویان عیلەیان دێ، لەو پەری ساردوسڕی سیاسی و خەتەری شەرو ناکۆکیەکانی یەکێتی و پارتی بۆ شەوەکەی بیانبینە لە شاشەی تیڤیەکان پێکەنین بە پێکەنین ئەڵێ برۆ بەو لاوە، ئەوەی نایزانین نهێنی ئەو پێکەنینانەیە، ئەوەیشی ئەیزانین گریان و دووبەرەکی دوای ئەو پێکەنینانەیە لەسەر پۆستێك یان کەپکێك،

ئەکتەری واهەیە هەر لە خۆیەوە پێ ئەکەنێت بێ ئەوەی بینەر بزانێت پێکەنین چ مانایەکی هەیە، لە درامای گەردەلول وێرای مەشهەدە جوانەکانی، کاتێ دەر هێنەر خیانەتێکی زەوجیمان پێ نیشان ئەدات، پیاوەکە هەست بە هەڵەی خۆی ئەکات و داوای لێبوردنیش لە ژنەکەی ئەکات بە سەرخۆشی، کەچی پێك و پێکەنین تێکەڵ ئەکات و ئەکەوێت بە پشتا، ئەو کاتەی ژن بریندارە ئەم مەشهەدە پێکەنیناوی و قاقایەمان پیشان ئەدرێ و بینەریش نازانێ ئەم پێکەنینە بۆ؟ دواتریش لە گەعدەیەکدا پیلانی کوشتنی پارێزەرەکەش بە پێك و پێکەنینەکانیان دائەرێژن و دووبارە مەزادخانەکە دەست پێ ئەکەنەوەو پێکەنین و قاقا ئەیانگرێتەوە!! بەداخەوە ئەوەی ئەگری لەو درامایەدا جیهادی دڵپاکە لەبەردەم جەللادگەرەکاندا، کە نمونەی جیهادە قوربانیدەرەکان لە دوای راپەرین و ئێستای دونیای کوردیدا هەن و لەهەژارترین و پەراوێزترین چینەکانی ئێمەن کە بۆ ژوورێکی نیشتەجێ بوون بۆکروز لە رۆحی سوتاویان دێ!

ئاخر ئەم پێکەنینانە گوزارشتە لە رۆحی کۆڵەواری کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی و حیزبی ئێمەو دەمارێکە لە کورسی ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدامەوە وەك کولتورێك درێژبۆتەوە تا پێکەنینی ئیدارە خۆماڵیە دیموکراسیەکەی نێچیرڤان بارزانی و عومەر فەتاح کە رۆژانە دەیان بومەلەرزەی جەماوەر روبەرویان ئەبێتەوە ئەوان هەر پێکەنینیان پێ دێ ئەگەر قەسری شیرینیش بوبێت بە قەلای شیروانە!!

ئەڵێن جارێك میشیل عەفلەق و ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام لەو پەری نەشوەی پێکەنینەکانیاندا ئەبن و بە رێگایەکدا ئەرۆن لەپڕ گوێدرێژێك دێتە رێگایان و لەبەردەم

سەیارەكەیاندا ئەوەستێت، هەرچەند هۆڕێن لێئەدەن و دەنگ بەرز ئەكەنەوەو سەدامیش ئەیكات بەتەقە، گوێدرێژ جوولەومتق ناكات، میشیل عەفلەق دائەبەزێ وئەچرپێنێ بەگوێی كەرەكەداو كەریش وەك بروسكە هەڵئەچوزێ و رائەكات سەدام بە میشێل عەفلەق ئەڵێت بەس پێم بڵێ چیت چپاند بە گوێیدا وا رای كرد عەفلەق ئەڵێ پێم ووت ئەبیت بە بەعسی؟!! هم دڵنیام ئەو كەرە عاقڵە ئێستاش بەو عەقڵە هەژارە حیزبیانە پێئەكەنێ، چەند گرانە هێندەی كەریشمان پێ نەكرێت؟!

* گۆشەیەكی تایبەتە بەناوی (زووم) لە رۆژنامەی بەدرخان تایمز لە كوردستانی باشوور، ژ. 22